هاوشێوەی چوارچێوەی هەماهەنگی، چاوەڕوان دەکرێت "ئینجومەنی سیاسی کورد" پێکبهێنرێت



گۆڕانی سیاسی کورد شاهیدی چالاکییەکی بەرچاو بۆ ئامانجی یەکخستنی هێزوستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەوش لە چوارچێوەی هەوڵە جدییەکان بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکییە هێڵسەردراوەکان سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی کاندیدی سەرۆك کۆمار، هەروەها دامەزراندنی "ئینجومەنی سیاسی کورد" بە سەرکایەتی مەسعود بارزانی.

هەنگاوی کورد بەرەو پێکهێنانی ئینجومەنێکی سایسی لە تێگەیشتنێکی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا بە دیدێکی هاوبەشەوە، ئەو دیدە بە چارەسەرکردنی پرسە مشتومڕاویيەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و بەرزکردنەوەی سەقامگیری سیاسی.

مەهدی عەبدولکەریم، کادیری باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بە کەناڵی سەمەریە-ی ڕاگەیاند، "کۆبونەوەکانی نێوان سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی لەماوەیەکدا گرنگ بوو، هەروەها لەسەر چەند میکانیزمێك ڕێککەوتن کرا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هێڵسەردراوەکان، لەوانەش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی کاندیدی سەرۆك کۆماری عێراق، ئەوە جگە لەوەی بڕیاداچون بۆ ئەنجومەنێکی سیاسی کە بۆم نزیکانە ڕادەگەیەنرێت".

ئاماژەی بۆشکرد، "ئامانج لەو ڕێبازە یەکخستنی دیدگای لایەنە کوردستانییەکانە بە ئەوەی بە دیدگایەکی هاوبەشەوە بچنە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ شوێنێک کە خزمەت بە بەرژەوەندی هەموان بکات".

ئەو کادیرەی پارتی ڕونیکردەوە، "میکانیزمەکانی گفتوگۆ لەگەڵ ئایندەیەکی نزیکدا دەگاتە لوتکە، بۆ ئەوەی بە فەرمی ڕێککەوتنێک واژۆ بکرێت"، جەختیشی لەوە کردەوە کە "گفتوگۆکانی ئێستا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، چاوەڕێی پەسندکردنی کۆتایی ئەنجامەکان دەکەن بۆ ئەوەی ببنە ڕێککەوتنێکی یاسایی پابەندکەر".